کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:53 22-8-2007

## ڕاگەیاندنی کوردی لەبەردەم ڕیفۆرم و ئازادی ڕادەربڕین دا... ئاراز عبدولرەحمان

تەواوی حکومەتەکان لە هەموو سیستمە سیاسیەکاندا لە هەوڵی بەدەست هێنانی ڕای گشتی خەڵکدان



لەو حکومەتانەی لەو پەڕی دیموکراسیەوە بۆ ئەو حکومەتانەی لەم پەڕی دیکتاتۆری و ئیستبدادیەوەن بەڵام لە سیستمێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بەدەست هێنانی ئەم کۆدەنگیە دەگۆڕێت.. وە تاکە ئامرازێك بۆ بەدەست هێنانی ڕای گشتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە وە ئەم کەناڵانە لە دەوڵەتە دیموکراسیەکاندا تەواو بەمانای سەربەخۆیی سەربەخۆیە بەڵام لە دەوڵەتە دیکتاتۆریەکاندا سەددەر سەد بە پێچەوانەوەیە، نمونەش بۆ ئەمە لەو دەوڵەتانەی کە دەسەڵات بەدەست چەند کەس یاخود بنەماڵەیەکەوەیە وەك دەوڵەتانی خلیج و دەوروبەرمان دەبینین وەزارەتێکیان هەیە بەناوی وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە کە ئەمەش بۆ قۆرغ کردنی ڕاگەیاندنە لەو وڵاتانەدا بەڵام لە دەوڵەتە دیموکراسیەکاندا وەزارەتێکی لەم بابەتە بەدی ناکەین، خۆش بەختانە لە عێراقی پاش ڕژێمی بەعس ئەم وەزارەتە نەما وە لە کوردستانیش دا پاش دروستکردنی چەندین وەزارەت وەزارەتی ڕاگەیاندنی تێدانەبووە.. بەم پێوەدانگەوەبێت دەکرێت ئیستا بڵێین عیراق و کوردستان دەوڵەتانێکی دیموکراسین؟ یاخود ڕاگەیاندن لەم هەرێمەدا تا چەند سەربەخۆیە؟ ئایا ڕاگەیاندن تا چەند بوە بە پارێزەری ئازادی ڕادەربڕین؟ وە تا چەند ئەو ڕاگەیاندنەی ئێمە پارێزەری بەرژەوەندیەکانی گەل و نیشتمانە؟ دیارە کە دەڵێین ڕاگەیاندنی ئێرە زیاتر مەبەستمان هەرێمی کوردستانە بە ڕاگەیاندنی حزب و ئەوەی کە بە ناوی ڕاگەیاندنی سەربەخۆوەیە.

پێش هەموو شتێك ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پێویستە هەنگاو هەڵێنێ بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی وە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ پێویستە باڵا دەست بێت بەسەر حکومەت و هەموو کایە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکاندا کە ئەمە دەبێتە گرەنتی بۆ پرۆسەی دیموکراسی و وە پارێزگاری لە بەرەو پێشوە چوونی ئەم پرۆسەیە، وەڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ یەکێکە لە بنەماکانی گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن لە بنەمادا پەیوەستە بە مافی مرۆڤەوە کە ئەمەش لە مافی تاك و کۆمەڵ بۆ دەربڕینی بیرو بۆچوون و دەربڕینی باوەڕ و هەستی خۆیان وە دژایەتی کردنی گەندەڵی و پارێزگاری کردنی دادپەروەری خۆی دەبینێتەوە.

ڕیفۆرم لە ڕاگەیاندندا یەکێکە لە بنەماکانی سیستمی سیاسی دیموکراتی وە ڕونتر مەبەست لە ڕیفۆرمی ڕاگەیاندن ئەوەیە کە گرەنتی ئازادی و سەربەخۆی ڕاگەیاندن بە تەواوی هەبێت وە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تەنها کاتێك دەتوانن ئەم ئەرکە سەرەتاییە سەبارەت بە دیموکراسی بەدەست بهێنن بە تەواوەتی سەربەخۆبن و لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت و حیزب یان بەرژەوەندیە تایبەتیەکاندا نەبن ئەگەر بێت و ڕاگەیاندن بە دەست کۆمەڵێك کەس یاخود چەند کەسێکەوە بێت لە حزبێکی دیاری کراودا پێچەوانەیە لەگەڵ ڕێگەی بەرەو دیموکراسی ڕۆشتن.. وە بۆ گەشتن بە ڕیفۆرمێکی کاریگەر و پڕ لە گۆڕان لە ڕاگەیاندندا پێویستمان بە دوو بنەما هەیە کە ئەویش ئەمانەن:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

1. دەسەڵاتی یاسادانان و قەزائی پێویستە کار لەسەر ئازادی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن بکەن لە نێوەندە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکاندا بۆ دامەزراندنی ڕاگەیاندن بە شێوەیەك کە دەسەلاتی قرغ کردن نەیگاتێ.

2. گرەنتی بەرەو پێشچوون و نەوەستان لە ئازادی ڕا دەربڕین و سەربەخۆیی لە ڕێگەی بە دامەزراوەکردنی کۆمەڵ کە هەموو مافەکانی ئازادی ڕا دەربڕینی تێدا پارێزراوە کە ئەمەش دەبێتە نمونەی کۆمەڵگای مەدەنی.

ئیستا دەکرێت بپرسین تا چەند ڕاگەیاندنی کوردی توانیویەتی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت لە ئازادی ڕا دەربڕین و دژایەتی کردنی گەندەڵی دا؟ وە تا چەند توانیویەتی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەو گەل بپارێزێت؟

دیارە ئیستا دەتوانین ڕاگەیاندن بە دوو جۆر پۆلێن بکەین لە کوردستان دا ئەوانیش ڕاگەیاندنی حیزبی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیە، ڕاگەیاندنی حیزبی خۆی لە پڕو پاگەندە بۆ حیزب و حکومەت و چەند بەرنامەیەکی تەرفیهی دا خۆی دەبینێتەوە کە ئەویش لە لایەن چەند کەسێکی نێو حیزبەوە قرغ کراوە وە مانگانە لەم بوارەدا پارەیەکی زۆر بە فیڕۆ دەچێت بە بێ ئەوەی بتوانن هەنگاوێك لە ئازادی ڕادەربڕین و دژایەتی کردنی گەندەڵی دا هەڵێنن کە ئەمە ئەرکی سەرەکی ڕاگەیاندنە چەنکە خەڵکی تینوە بە زانیاریەکان بەڵام هەمیشە حیزب هەواڵی سەرکردەکانی لە ئەولەویەتی هەواڵەکانی دایە بە بێ ڕەچاوکردنی بە ها مرۆییەکان بۆ نمونە کاتێك بومەلەرزەی شاری (بەم) لە ئیران ڕویدا کە هەزاران کەس تێیدا گیانیان لە دەست دا وە هەروەها بومەلەرزەی (سۆمەترە) ئەویش یەکێك بوو لە کارەساتە سروشتیە خەماویەکان کە ئەوکات لە مانشێتی ڕۆژنامەو ئەولەویەتی هەواڵی تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بوو لە هەموو جیهاندا بەڵام کەناڵەکانی لە مەڕ خۆمان ئەم هەواڵانەیان لە دوای کۆبونەوە و دیداری سەرۆکەکانمان پیشاندا وە بەمشێوەیە چەندین هەواڵی دیکە کە ئەولەویەتی مرۆییان هەبووە خراوەتە دوای هەواڵەکانی سەرکردە حزبیەکانەوە.. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە هاوتەریبە لەگەل ڕاگەیاندنی دەوڵەتە ئۆلیگارشیەکان.

وە ئەو ڕاگەیاندنەی کە ئیستا لە کوردستاندا هەیە بە ناوی ڕاگەیاندنی سەربەخۆوە پێویستی بە ڕیفۆرم دەبێت بۆ ئەوەی زیاترو باشتر بتوانێت بەرەنگاری گەندەڵی و قۆرغ کردن بێتەوە، چونکە ئەم ڕاگەیاندنە تاکە ئومێدی خەڵکی یە وە دیارە ئەوەیش بەدەر نییە لە کەم و کوڕی لە پارێزگاری لە ئەرکە نەتەوەی و نیشتامنیەکانی گەلی کورد دا.. دەبینین ئەم ڕاگەیاندنە سەربەخۆیانە هەموو هەواڵێك بەناوی (سەبقی سەحفی) بڵاو دەکەنەوە بە بێ گوێدانە ئەرکە نەتەوایەتیەکان کە هەندێك جار بڵاوکردنەوەی هەواڵێك کاریگەریەکی سلبی دەبێت لەبەردەم نەتەوەو گەل دا بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێینەوە بۆ نمونەیەك:

لەسەرو بەندی شۆڕشی ئیسلامی لە ئیراندا ساڵی (1979) چەند دبلۆماتێکی ئەمریکی لە ئێران دەمێننەوە توانای خۆ دەربازکردنیان نابێت لەو کاتەدا ڕۆژنامەی (نییۆرك تایمز) ئەمریکی بەم هەواڵە دەزانێت ئەگەر ئەم هەواڵەی بڵاوبکردایەتەوە بەدڵنیاییەوە دەبوو بە باشترین مانشێت و پڕ فرۆشترین ڕۆژ بۆ ڕۆژنامەکەی بەلام ئەم ڕۆژنامەیە ئەمەی نەکرد تا دەزگای موخابەراتی ئەمریکی دبلۆماتەکانی لە دەستی شۆڕشی ئیسلامی ڕزگار کرد، خۆئەگەر (نییۆرك تایمز) وەك ڕۆژنامەکانی ئێمەبایە یەکسەرو ناوی تەواو و پلەکانیان و تەمەن و هەموو زانیاریەکانی ئەو دبلۆماتانەی بڵاو دەکردەوەو پاشان دەربازبوونی ئەوان هێندە سەخت دەبوو تا مردن.. وە ئیستَا دادگای ئەنفال داوای چەند کوردێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کردووه بۆ دادگایی کردنیان لەسەر پرۆسەی ئەنفال کەچی هەندێك ڕۆژنامە ناو و زانیاری تەواوی ئەو کەسانەی بڵاو کردۆتەوە بۆیە هەموو بەپەلە لە هەوڵی خۆ دەربازکردندان بەرەو سنورەکانی سوریا.
وە یەکێك لە کێشەکانی تری ئەم ڕۆژنامانە ئەوەیە کە وا هەست دەکەن تەنها هەواڵ لە ناوەوەی سلێمانی و هەولێر دایە بۆیە گرنگیەکی ئەوتۆ نادەن بە پەیامنێرانیان لە دەرەوەی شارە گەورەکان بۆیە هەندێك جار ڕوداوی وا لە دەرەوەی شارەکاندا ڕوو دەدەن زۆر بەهایەکی هەواڵی گەورەی هەیە بەڵام لەبەر ئەوەی گرنگی نەدراوە بە پەیامنێران لەو ناوچانەدا بۆیە ئەو ڕوداوە تێپەڕیوە بەبێ ئەوەی ببێت بە هەواڵ.
بۆیە زیاتر تەرکیز دەکەینەوە لە سەر ڕۆژنامە سەربەخۆکان چونکە دەروازەی گۆڕانن لەم کۆمەڵگای ئێمەدا وە کاری سەرەکی ئەم کەناڵانە ڕەخنە گرتنە لە دەوڵەت و گەیاندنی هەواڵ و زانیاریەکانە بە خەڵکی وە حکومەتیش کاتێك دەتوانێت ببێت بە حکومەتێکی بەرپرسیار کە خەڵکی لە کارو چالاکیەکانی ئاگاداربن و وە بۆ ئەم پەیوەندیە لە نێوان حکومەت و خەڵکی دا تەنها ئامراز ڕاگەیاندنە ئەویش بەسەربەخۆیی چونکە لە دەوڵەتێکی دیموکراسی دا ئەرکی ئەم کەناڵانە ڕەخنە گرتنە لە دەوڵەت و هۆشیار کردنەوەی خەڵکی و دابینکردنی گفتوگۆی ئازادە لەنێوان خەڵك و دەوڵەت دا چونکە بەردەوام لە نێو هەموو سیستمە سیاسیەکاندا بۆشاییەك هەیە لە نێوان خەڵك و دەوڵەت دا وە ئەم بۆشاییە بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆو ئازاد پڕ دەبێتەوە وە ئەگەر بێت و ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ و ئازاد ئامادەگی نەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە وە دەوڵەتیش ئەم لایەنە فەرامۆش بکات ئەوا ئەو بۆشاییە بەرەو زیاد بون دەڕوات و ئیدی هەموو کارەکانی حکومەت ئەگەر ئیجابش بێت لەلایەن خەڵکی یەوە بە خراپ دەشکێتەوە بەمەش حکومەت جەماوەر لەدەست دەدات ئەگەر سیستمی حکومڕانی لەو دەوڵەتەدا دیموکراسی بێت ئەوا دەبێت حکومەت چاوەڕیی هەڵبژاردن بکات بۆ لەدەست دانی کورسی دەسەڵات خۆئەگەر سیستمی سیاسی دیکتاتۆری و تاك ڕەوی بێت ئەوا دەبێت چاوەڕێی شۆڕش و کودەتا بێت.
بۆیە دەبێت ڕاگەیاندن ببێتە بەردی بناغەی ڕۆشنبیری سیاسیمان چونکە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ دەمان بات بەرەو ئازادی ڕادەربڕین کە ئەویش بەردی بناغەی هەموو ڕیفۆرمێکی سیاسی و نیشتمانی یە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.